# ڕەهەندە فەلسەفەیەکانی مرۆڤ لە شیعری صابریدا

**پ.ی.د.حسن حسین صدیق**

**زانکۆی را پەرین**

**کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی فەلسەفە**

**پێشەکی:**

صابری وەك شاعیرێکی کوردی شاری کەرکوك لە عەشیرەتی جەباری خاوەنی کۆمەڵی بەرهەمی شیعر و هونەرە، کە لە دیوانێك بە ناوی " دیوانی صابریەوە" چاپ کراوە. ئێمەی گەلی کورد خاوەن میژوویەکی دێرین و پر لە بەرهەمی هزرو شیعر و هونەر و ئەدب...هتد، خاوەنی چەندەها شاعیر و نووسەر و ئەدیبی به ناوبانگین، ئایا لە هەمان کاتدا کورد فەیلەسوفی نەبوە؟ بەردەوام ئەم پرسیارە دەکرێ بۆچی فەیلەسوف لە کوردە نییە ؟ ئێمە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە پێوەریك هەبێ بۆ دیاریکردنی فەیلەسوف و جیاکردنەوەی لە کەسانی تری وەك شاعێر و نووسەر و ئەدیب . ئایا ناکرێ ئەدیب یان نووسەر یان شاعێر لە هەمان کاتدا فەیلەسوفیش بێ ؟ لێرەدا هەوڵدەدەم بە شێوەیەکی مێتودی خوێندنەوە بو ئەم بابەتە بکەم.

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە شیکردنەوە و بەراوردکردنی دەقە شیعریەکانی "صابری" لەگەڵ بۆچوونی فەیلەسوفانی تری وەك سوکرات و کونفوشیوس.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە:

١- تەوەری یەکەم: چەمکی فەلسەفە و فەیلەسوف

٢- رەهەندی مەعریفی و ئونتولۆجی مرۆڤ

٣- مرۆڤ لە نێوان جەوهەر و رواڵەتدا.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**تەوەری یەکەم: فەلسەفە و فەیلەسوف.**

بۆ ئەوەی دۆخی فەلسەفە و فەیلەسوف لە نێو بیرمەندانی کورد دیاری بکەین ، ئەوەی پێویستە سەرەتا بگەڕێمەوە بۆ فەلسەفە و فەیلەسوفان و بابەتە فەلسەفیەکان و چۆنیەتی قسەکردنی ئەو فەیلەسوفانە لەسەر بابەتەکان. لێرەوە دەپرسین فەلسەفە چیە؟. لە وەلامدا دەلێین: فەلسەفە بریتیە نییە لە هزر، چونکە گەر فەلسەفە هزر بێ، ئەوا هیچ کۆمەلگایەکی مرۆڤایەتی نیە خاوەن هزر و دانایی نەبێ بۆ رێکخستنی ژیانیان، کەواتە هەموو هۆز و گەلێك و کۆمەلگایەك خاوەن هزری تایبەت بە خۆیەتی بۆ رێکخستنی ئاراستە و رەووڕەوەی ژیانیان، بۆیە گەر بلێن فەلسەفە هزرە ئەوا هیچ شوێن و کاتێکی دیاریکراو بۆ دروستبونی نییە. بەلکو فەلسەفە شتێکی تایبەتە لە نێو هزردا( زیناتی، ص ٧) .

بۆ زیاتر ئاشنابوون پێویستە بزانین هزر چیە؟ هزر یان هزرین بریتیە لە جولانەوەی زەین لە شتی زانراو بۆ شتی نەزانراو( حسن، ص ١٦)، کەواتە فەلسەفە وەلامدانەوەی پرسیارەکانی نێو زەینە کە بە هزر ناسراوە، پرسیارە چارەنووسازەکان لە بواری گەردوون و بوون و مرۆڤ. لێرەدا دەبینین " ئەریستو تالیس " لە پەرتووکی " میتافیزیك " دەلێت :" فەلسەفە بریتیە لە تێرامانێکی تیۆری بۆ بنەمای یەکەمی شتەکان، دوا هۆکار کە دەکەوێتە دوای شتەکانەوە. یەکەم کەس ئەم تێرامانەیە بەرامبەر جیهان کرد بێ " تالیسی مالتییە" ئەو دەربارەی بنەمای یەکەمی شتەکان دەلێت " ئاو" سەرچاوەی هەموو شتەکانە. بۆیە دامەزرێنەری یەکەم بۆ فەلسەفە " تالیسە" وەك تێرامانێکی تیۆری بۆ هۆکارە کۆتایەکانی شتەکان لەسەدەی (٦ پ.ز)(زینات،ص٨). ئێمە گەر براونینە فەلسەفە وەك دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و مرۆڤیش وەك ئەریستو دەلێت :" زیندەوەرێکی هزرڤان و قسەکەرە و خۆاستی بۆ زانین و زانست هەیە" و هەروەها دەربارەی بوونی خۆی و چارەنووسی دەهزری و رامان دەکا، یان مرۆڤ وەك " هایدگەر" دەلێت :" زیندەوەرێکی ئەنتولۆجیە بە دوای بونی گشتی و راستەقینە و تەواو دەگەرێ". گەر هەموو ئەمانە راست بن، ئەوا ئاسان نییە دروستبونی فەلسەفە بۆ رەگەزێك یان هۆزێك یان گەلێك بگەرێتەوە، بەلکو پێویستە هەر لە سەرتاوە بلێین خالێکی سەرەتا نییە لە مێژوودا بۆ دورستبونی فەلسەفە.( عبدالحمید، ص ٢٣-٢٤).

بۆیە دەلێین فەلسەفە بریتیە لە چالاکی ئەقلی کە توانای پرسیارکردنی هەبێت، کەواتە پرسیارکردن پالنەری بیرکردنەوەیە. وە سەرسام بون سەرەتای فەلسەفاندنە، وە سەرسام بون پرسیارێکی شاراوەیە، تەنها بە سەرسام بون گر دەگرێ. کەواتە پرسیارکردن بەسە بۆ بە ئاگابوونی مرۆڤ و تێکوشان لە پێناو زانین و دۆزینەوەی راستی.( شایع ، ص ٢٥-٢٦). گەر بپرسین فەلسەفە چیە و بۆ پێناسەکەی " برتراند رسل " بگەرێنەوە :" زانست ئەوەیە کە دەیزانین، وە فەلسەفە ئەوەیە کە نایزانین". ئێمە گەر پێناسەکە بگورێن و بلێین :" فەلسەفە پرسیارکردنە، وە زانست وەلامدانەوەیە". لێرەوە دەبینین کە وەلامە زانستیەکان جێگیر نین و بەردەوام دەگۆرین، بەلام پرسیاری فەلسەفی بەردەوام کراوەیە، ئەمەیش پال بە مرۆڤەوە دەنێت تا بگاتە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زۆرترین وەلأم " ولأمى نوىَ"، به كۆرتى پرسيارى فەلسەڤ هۆكارە بۆ گەشە و پێشكەوتنى زانست و هۆنەر و ژيان.( شايع، ص ٢٨).

بەلأم سەبارەت بە فەيلەسوفە ئەو كەسيە كە بە مێتوديكى عەقلأنى وەلأمى ئەو پرسيارانە دەداتەوە لە نێو بەرهەمەكانيدا هەن، رەنگە وەك شيعر يان پەخشان يان رۆمان گوزارشت لە بۆچوونى خوى بكا ، بەلأم هەر فەيلەسوفە و خاوەنى سيستەم و زاراوەی تايبەت بە خۆيەتى. بۆيە لێرەدا گەر ئێمە شيعر و پەخشان و رۆمانى نووسەرانى كورد بخوێنينەوە ئەوە دەبينين بە جۆريك لە جۆرەكان باس لە كێشەكانى مرۆڤ دەكەن ، وەسفى دياردە گەردوونێەكان دەكەن، باس لە بوون و كێشەكانى دەكەن، ئايا لەم رێگايەوە ناتوانين بلێين ئێمەيش فەيلەسوفمان هەيە؟ گەر خاوەنى مێتودى فەلسەفەيش نەبن، بەلأم وەلأمى پرسيارە چارەنووسازەكانيان داوەتەوە. خالێكى تر زور گرنگە ئەوەيش باگراوەندى ئايديالۆژى و كلتورى و رۆشنبيرى كەسەكان، ئەم باگراوەندە كاريگەرى هەيە لەسەر چۆنيەتى بێركردنەوەيان ، بۆيە دەبينين نووسەران و بێرمەندان و شاعێرانى ئێمە زياتر لايەنى ئاينى و كۆمەلايەتى و سياسى رۆلى هەبووە لە كارەكانياندا، چۆنكە فەيلەسوف بەرهەمى سەردەمەكەى خۆيەتى ، بارودۆخى سەردەمەكەى خۆى چۆنە ، بەو جورە ئەوەيش باس لە كيشە و گرفتەكان دەكا. گرفت و قەيرانەكان چۆن بن ئەوا فەيلەسوف دروست دەبێ . بۆيە بێرمەندانى ئێمە يان فەيلەسوفانى ئێمە هێچيان لە فەيلەسوفانى جيهان كەمتر نييە ، چونكە ئەوانيش بە شێوازى خۆيان باسيان لە قەيران و گرفتەكانى مرۆڤ و پەيوەندى مرۆڤ بە يەزدان و سروشت و نيشتمان و بوونەوە كردووە. با لە فۆرمى شيعر يان هونەر يان پەخشان ئاماژەيان پێ كردبێ ، چۆنكە زور لە فەيلەسوفان لە رێگاى شيعر و ئەدب و رومانەوە گوزارشتيان لە بۆچوونە فەلسەفيەكانيان كردووە لەوانە " پلاتون – نيتشە – سارتر – ابن سينا – ابن توفەيل ...هتد ".

**تەوەری دووەم: خۆت بناسە(مرۆڤ و خوناسين) ( صابری و سوكرات).**

يەكێك لە گرفتە فەلسەفەيەكان بە درێژايى مێژووى فەلسەفە بريتيە لە " مرۆڤ" و پرسيارەكانى وەك ئەوەى " مرۆڤ چيە؟ جەوهەرى مرۆڤ چيە؟ ئايا مرۆڤ ئەقلٌ و نەفسە يان تەنها ئەقلٌە يان نەفسە؟ ئەم گرفتانە و چەندين گرفتى ترى فەلسەڤ هەن كە فەيلەسوفان قسەيان لەسەر كرووە لەوانە " سوكراتى فەيلەسوف و صابرى شاعير). لێرەدا نموونەى " سوكراتى فەيلەسوف" وەردەگرين كە باس لەوە دەكا ، چەند گرنگە مرۆڤ خودى خۆى بناسيتەوە، ئەو ناسينەوە چ لەرووى مەعريفيەوە بێ يان ئەنتولوجى يان ئەخلاقيەوە، گرنگە ئەوەيە مرۆڤ خودى خۆى بناسيتەوە(وولتر ستيس،ص١٠٠-١٠١) .

لێرەدا مرۆڤێك يان كەسێك كە تا ئێستا بە باشى نەناسراوە لەناو خوێنەران و رۆشنبيرانى ئێمە كە ئەوەيش " شێخ نەجمەدين شێخ عەبدولرەحمان بەرزنجى"ە، ناسراو بە " صابرى"، دەمەوى ئەم مرۆڤە وەك فەيلەسوفێك پێناسە بكەم بە گەرانەوە بۆ هەندێ دەق و تيكستى كە ئاماژە بە هەندێ گرفت و كيشەى فەلسەڤ دەكا تايبەت بە مرۆڤ و پەيوەندى بە خودى خۆيەوە لە رووى "چاكە و زانينەوە" هەروەك چۆن "سوكرات" بە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەمان شێوە جەختی لەسەر ئەو دوو بابەتە کردووە لە فەلسەفەکەیدا. صابری بە هەمان شێوەی " سوکرات" لە دەقێکدا بە ناوی " خوت بناسە" زور بە جوانی و میتودانە باس لەوە دەکا کە مرۆڤ پێویستە خودی خۆی بناسیتەوە، دوای ناسینەوەی خودی خۆی پێویستە بزانێ پەروەردگاری ئەو کییە، کاتێ مرۆڤ دەگاتە ئەم قۆناغە پێویستە چی بکا ؟. ئەرکە لە سەر مرۆڤ دوای ناسینەوەی خولقینەری خۆی ، فەرمان و ڕێنمایەکانی جی بە جی بکا، بەڵام دەبینین مرۆڤەکان لەم قۆناغەدا شکست دەهێنن ، ئایا هۆکاری ئەو شکستە چییە ؟ پێش ئەوەی باس لە بۆچوونی " صابری" بکەم، پیم باشە ئاماژە بۆ ووتەکانی " بودا" و " سوکراتیش" بکەم لەم بارەوە ، " بودا" پێێ وایە مرۆڤەکان کاتێ گیرودەی " نەفس و شەهوات " دەبن، ئەوا نەهامەتی و ناخۆشی و گرفت و دڵ تەنگی... تووش دەبێ. سوکراتیش هۆکاری ئەوە بۆ نەزانین دەگەڕێنێتەوە، نەزانینی مرۆڤ بە خۆدی خۆی و ماهیەتی خۆی، چونکە " چاکە و زانین" بەیەکەوە دەبەستیتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە راستی و بەختەوەری، ئەوا پێویستە سەرەتا بزانێت چاکە چیە؟ کەواتە زانین هەنگاوی یەکەمە لە رزگاربوونی مرۆڤەکان لە نەهامەتیەکان نەفس و شەهوات (محمد جدیدی، ص٢٤٨-٢٤٩)، بۆیە سەرتا پێویستە مرۆڤ خوی لەوە بپارێزیت، هەروەها" بودا " کۆمەڵی شیوازی وەرزشی داناوە بو ئەوەی مرۆڤ خۆی دەرباز بکە لەو گرفتانە.

مەبەستم لێرەدا ئەوەیە ، کە قسە لەسەر بۆچوونەکانی " صابری" بکەم کە زور بە میتوادنە " هەنگاو بە هەنگاو " باس لەوە دەکا کە چۆن مرۆڤ کاتێ گیرودەی نەفس و شەهوت دەبێ چارەنووسی چۆن دەبێ و چارەسەر بۆ ئەو دۆخە چیە. بە تایبەتی پەیوەندی مرۆڤ بە خوای خۆیەوە.

ئێمە دەزانین لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هەموو فەیلەسوفەکان باس لەوە دەکەن کە مرۆڤ دەبێ لە ئاموژگاری و ڕێنمایەکانی خودا دەرنەچێت، چارەنووسی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە پابەندبوونی بەو ڕێنمای و ئاموژگاریانە. کەواتە کاتێك " صابری" لە یەکێك لە دیرە شیعرەکانیدا دەڵیت :

**" ئەی لە چۆڵی غەفلەتا هەر ڕەوکەوانی چارەوا____ ڕۆژ و شەو وردی زوبانت ئەم بەرخە وا ئەو کارە وا"**
**" ئەسڵ و نەسلی خۆت بزانە هاتوو و چونت تێبگە— بابە گەورەت حەزرتی ئادەم(صفی) داکت حەوا "(دیوانی صابری، ص ٥٣).**

لێرەدا " صابری" زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ مرۆڤ لێدەدا بو ئەوەی بزانی ئەو نەوەی " ئادەمە" و پێویستە وەك " ئادەم" رفتار بکە،وەك ئەو هەڵسوکەوت بکە، کە مرۆڤ زانی " ئادەم" کییە، بۆچی هاتووە، پەیامی چییە، ئەوە مەرجە لەسەر مرۆڤیش وەك " ئادەم" بێ، نوێنەری " خودا" بێ لەسەر زەوی، پەیامی خودا جی بە جی بکە، بە پێچەوانەی ئەمەوە، گەر مرۆڤ نەزانی ئەسڵی چییە، ئەوە نازانی چۆن رفتار بکە، چۆن ڕەزامەندی خوای خۆی بەدەست بینی، چۆن زەوی ئاوەدان بکاتەوە. چونکە هەمووان دەزانین " ئادەم" کییە و بۆچی هاتووە. بۆیە لە ئێستادا گەر بروانینە دۆخی مرۆڤەکان لە جیهانی هاوچەرخدا، راستەوخو دەزانین مرۆڤی ئەم


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەردەمە بۆچی بەو جورە رفتار دەکا، " رفتاری مرۆڤ سەردەم تەنها لە مرۆڤ ناچی " چۆنکە ئەو مرۆڤەی " صابری" ئاماژەی بو کردوە، " نەوەی ئادەمە" ئایا " ئادەم " بەم جورە مرۆڤانە قایلە ؟ بەو جورە رفتارانە رازییە ؟ . کەواتە " صابری" یەکەم گرفتی مرۆڤی سەر زەوی بە شیوەیەکی فەلسەفەی دیاری کرد، هەر وەك چون پێشتر " سوکرات" دەرکی بەوە کرد" گرنگە مرۆڤ پێش هەموو شتیك خودی خوی بناسیتەوە". دوای ناسینەوەی مرۆڤ بو ئەسڵ و نەسلی خوی و ئەرك و کاری ئەو چییە ، زانی ئەو کییە، چون پەیدا بوە، ئەوە پێویستە چی بکا ؟

"صابری" بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پیێ وایە ، مرۆڤ دەبێ پەروەردگاری خۆی بپەرستی ، ملکەچی فەرمان و رێنماییەکانی بێ ، چونکە دواروژی مرۆڤەکان و چارەنووسیان پەیوەستە بەوەوە. گەر مرۆڤ پێچەوانەوەی ئەمە کارەکانی خۆی ئەنجامدا ، بەردەوام بۆ لە رفتاریك کە دژ بە پەیامی " ئادەمە"، ئەوا ژیانی دەبێتە دۆزەخ . ئایا ئەمە راستە ؟ هەموو دەزانین زانا و فەیلەسوفان باس لەوە دەکەن کاتێ مرۆڤ گیرودەی دەستی نەفس و شەهوەت و حەزو و ئارەزووەکان دەبێ ، ئەوا ژیانی تەنها " نیگەرانی و نەهامەتی و ناخوشی " بەرهەم دەهێنی ، ئایا ژیانی دۆزەخیش هەر وا نییە ؟ لێرەدا " صابری " هۆکاری ئەو ناخوشی و دڵ تەنگی و نەهامەتییە بو " ملکەچبوونی مرۆڤ بو نەفس و شەهوەت " دەگێرێتەوە. بۆیە لە دەقیکدا دەڵێت :

**" خالقت کێیە اگاعەی پێ بکە ئەی بێ خەبەر ... حەیفە لەو عاصی ئەبی کەوتویە دوی نەفس و هەوا ".**
**" خەوفی مەولا بێنە دڵ ئەی غافلی بێ عەقڵ و هۆش — تا نەبی رۆژی قیامەت تووشی دەردی بێ دەوا" ( دیوانی صابری، ص ٥٣).**

کەواتە ئەرکی سەرەکی مرۆڤ لە دوای ناسینەوەی خۆی لە روانگەی " صابریەوە" ملکەچبوونە بۆ فەرمانەکانی خودا ، تاکە هۆکاریش دەبیتە ریگر لە بەردەم ئەم ملکەچبوونە، کەوتنە ژیر باری نەفس و شەهوەتە. بۆیە مرۆڤەکان کاتێ دەگەنە تەمەنیکی زور گەورە یان تووشی هەندێ کارەساتی ناخوش دەبن، دەکەونە دۆخی پەشیمانبوونەوە، چۆنکە فەیلەسوفانی وەك " بودا و کونفوشیوس و ئیبن مسکەوەی .." باس لەوە دەکەن کە سەرچاوەی جەهل و نەزانین بریتیە لە دەستدانی هوش و ئەقڵ بە هۆی نەفس و شەهوەتەوە. ئایا کاتی " صابری" بە هەمان شیوەی ئەوان هۆکاری دوورکەوتنەوە لە خودا بو گیرودەی هوش و ئەقڵی مرۆڤ بە دەست نەفس و هەوا و شەهوەتەوە بۆخۆی فەلسەفە نییە؟ گەر فەلسەفە لەیەکێك لە واتاکانی دانانی پلان و نەخشە بێ بو ژیانێکی بەختەوەری و کامەرانی، ئەوا فەلسەفە کار لەسەر روونکردنەوەی راستیەکان دەکات وەك گەران لە راستی گەردوون یان جیهان یان مرۆڤ و بنەرەتی بوون و پەیوەندی نێوان خولقینەر و خولقینەرەکان(عباس حربی،ص ٤٠).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەوەی " صابری" باسی دەکا دەربارەی مرۆڤ و چۆنیەتی بەریوەبردنی ژیانی و گەیشتنی بە بەختەوەری بوخوی فەلسەفەیە. بویە " صابری" وەك فەیلەسوفیکی بوونگەرایی دەرکی بە گرفتە بوونگەراییەکانی مرۆڤ کردووە لەوانە " نیگەرانی و ترس و نەهەماتی و مردن" هەموو ئەمانە دۆخی مەترسیدارن بۆ مرۆڤ. ئەرکی " صابریە" وەك " شاعیرێك" گوزارشت لەوە بکە، وەك ئاماژەم بو کرد، هەر فەیلەسوفیك چون بیردەکاتەوە و چون بروا دەکا، ئەوا لەسەر بابەتەکانیش کاری فەلسەفاندن دەکا. کەواتە " صابری" وەك کەسایەتیکی ئیماندار و زانا لە بواری ئاینی ئیسلامیدا، گومانی تیادا نییە لە گوشەی ئەو ئاینەوە باس لە گرفتانە دەکا و چارەسەریش بو دیاری دەکا.

کەواتە کاتی دەڵێت :

**" خەوق مەولا بێنە دڵ ئەی غافلی بێ عەقڵ و هۆش ... تا نەبی رۆژی قیامەت تووشی دەردی بێ دەوا " .**

بەم جورە دەبینین " صابری" وەسفی دۆخی مرۆڤیك دەکا ، کە لە بێ ئاگاییدا ژیان بەسەر دەبا، ئەمە بە یەکێك لە گرفتە مەترسیدارەکانی ژیانی مرۆڤ وەسفدەکرێ، چونکە گەر مرۆڤ بە بێ ئاگایی و زانست و زانین رفتار بکا، ئەوا تووشی کیشە و قەیرانی زور دەبیتەوە، هەر لە لێپرسینەوەی یاسای تا دەگاتە لێپرسینەوەی خودایی . " صابری" دەرکی بە نیگەرانیەکانی مرۆڤ کردووە ، بۆیە لە بەرامبەردا، چارەسەری بو داناوە، " ترس لە خودا " بە واتای ئەوەی مرۆڤ دەبی ئەوە بزانی کە " خودا" وەك چاودیر و زانا ئاگای لە سەرجەم کار و رفتارەکان هەیە، بویە پێویستە ئەوە بزانین، " خودا" ئاگای لە منە چی دەکەم، چۆن رفتار دەکەم، چۆن بیر دەکەمەوە، کەواتە دەبێ کارەکانم لە ئاستی ئەوەدا بێ ، ژیانی بەختەوەری مسوگەر بکەم. بۆیە کاتێ مرۆڤ بەردەوام پێچەوانەی ئەمە رفتار دەکا، کاتێ رووبەرووی مەرگ دەبیتەوە، ئەو کاتە دەواو و چارەسەر بۆ نەخوشییەکەی نییە، نیگەرانی و دڵ تەنگی میوانی ئەو دەبێ. بەڵام " صابری" چارەسەری بۆ ئەمە دۆخە داناوە کاتێ دەڵێت :

**" صابری وا چاکە تا ماوی لە دونیا عومری خۆت ... سەرفی مەولا کەی لە مەولا تەرکی ماڵ و (ماسوی) ".**

لێرەدا دوا قۆناغی ژیانی مرۆڤ باس دەکا ، کە دەبێ تیادا مرۆڤەکان چۆن بیر بکەنەوە، ئایا ئەوان بەردەوام بن لە رفتاری خراپ و نا پەسەند یان چاکتر وایە بیر لە خۆیان کەنەوە و بە دوای چارەنووسی خویاندا بگەرێن ؟ ئایا تەرخانکردنی هەموو کات و تەمەن بۆ کوکردنەوەی سەروەت وسامان و لە بیرکردنی دوا رۆژ و چارەنووس مرۆڤ دەگەێنتە کوێ ؟ سەروەت وسامان رزگاری دەکا لە نیگەرانیەکانی دوا رۆژ ؟ نەخێر ، هەموو ئەوە دەزانین، بۆیە " صابری" بانگەشەی مرۆڤ دەکا بە ناوی خویەوە " صابری" ، دوا ساتەکانی ژیانیت تەرخان بکە بۆ گەرانەوە بولای " خودا " چۆنکە رزگاربوونی تو بە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان نییە، بەڵکو وزاهێنانە لەوە و گەرانەوەیە بۆ لای خودا و گەیشتنە بە بەختەوەری باڵا. ئەمە پەیامی " صابریە" بو مرۆڤ " بزانێ ئەو کییە ، ئەرکی چییە ، چۆن رفتار بکە ، بۆچی هەوڵبدا ، بۆ کوی دەروات. !؟ گەر مرۆڤ ئەمەی زانی ، ئەوە لە هەموو



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەو گرفت و كێشانەی فەیلەسوفانی بوونگەرایی باسیان كردووە رزگاری دەبی . ئایا بۆچی " صابری" و شاعێرانی تری كورد فەیلەسوف نەبن ؟.

**تەوەری سییەم: مرۆڤ لە نیوان جەوهەر و دیاردەدا(خوێندنەوەیەكی لۆجیكیانە).**

مرۆڤ وەك زیندەوەریك لە پێكهاتەی جیاواز و ناكۆك دروستكراوە، لەوانە " چاكە و خراپە" و " بروایی و بێ براویی" و " ساغی و ناساغی"...هتد. بۆیە زانا و فەیلەسوفەكان كاتێ باس لە مرۆڤ دەكەن ئاماژە بە بوونی ئەو لایەنە ناكۆكە دەكەن، بەلاّم لە رووی لۆجیكیەوە مەحالّە لەیەك كاتدا ئەو دوو لایەنە لە مرۆڤدا كۆببنەوە بەمە دەوترێ یاسای ناكۆك " ناكۆكەكان بە یەكەوە كۆنابنەوە" (حسن، ص٢٤). بەلاّم شیاوە یەك لە دوو پێكهاتەییە خۆی لە رفتاری مرۆڤدا نیشاندا وەك ئەوەی بلّێن " مرۆڤ چاكە" یان " مرۆڤ خراپە".

لێرەدا گەر پرسیار بكەین، ئایا ناكرێ مرۆڤ هەلگری هەردوو لایەن بێ لە یەك كاتدا ؟ مەبەستم مرۆڤ " چاك وخراپ بێ" یان مرۆڤ " بروادار بێ و بێ بروا بێ "... چۆنكە لە رووی لۆجیكیەوە ناكرێ بەو جورە باس لە مرۆڤ بكەین ، چۆنكە ئامادە بوونی دوو ناكۆك لە یەك بابەتدا مەحالّە وەك "جون ستیورات میل" دەلّێت :" گەر ئێمە تایبەتمەندیك بۆ شتێك بسەلمینین كە دروستە وە گەر دژەكەی لە هەمان كاتدا بسەلمینین ئەوا ئێمە تووشی ناكۆكی دەبین"(حسن،ص ٢٤). بەلاّم لە روانگەی "صابرییەوە" گەر وەك دۆخیكی سایكولۆجی بروانینە بابەتەكە ، ئەوا مرۆڤ هەلگری ئەو دوو لایەنەیە ، بۆ زیاتر روونكردنەوەی ئەم بابەتە ، بۆ چەند دەقیكی شاعێری كورد " شێخ نەجمەدین شێخ عەبدولڕەحمان" ناسراو بە " صابری " دەگەرێمەوە كە باسی مرۆڤ دەكا لەرووی پێكهاتەوە. لە دەقەكانی " صابریدا" هاتووە كە مرۆڤ دەكرێ لەیەك كاتدا هەلگری دوو تایبەتمەندی ناكۆك بن كە لە رووی لۆجیكیەوە مەحالّە و ناكرێ لە مرۆڤدا كۆببنەوە. بەلاّم " صابری" بە جۆریك ئاماژە بەوە دەكا كە لە راستییدا زۆر لە مرۆڤەكانی ئەم سەردەمە بەو جۆرە رفتار دەكەن.
بۆیە لێرەدا دەبینین " صابری" لە وەسفی مرۆڤی ئەم سەردەمدا دەلّیت :

**" بە زاهیر رەنگی ئەییوبی بە باتین جەنگو ئاشوبی – بە سورەت حەزرەتی موسی بە سەنعەت سامری تاكەی ". دەمت تەسبیح و تەهلیلە دلّت بازارو توتێلە – تەریقی لای (محمد)بی بە –عیسی- موشتەری تاكەی.(صابری،ص١٩٤).**

سەرەتا " صابری" لە وەسفكردنی مرۆڤدا بۆ روالّەتی دەگەرێتەوە بە كەسیكی چاك و خواناس وەسفی دەكا ئەمە بۆخۆی راستە، چۆنكە مرۆڤەكان لە رووی سایكولۆژیەوە حەز دەكەن بەردەوام وەك كەسیكی چاك و دەست پاك و خواناس خویان بو كۆمەلّگا دەربخەن، هەر بویە ئێمەی مرۆڤ لە دۆخیكی هەلّخەلەتێنەر دەژین ، رۆالّەت و دیاردەی دەرەكی مرۆڤەكان مایەی هەلّخەلەتاندنی ئیمەن. دەمانەوەی وەك " ئەیوب " پیغەمبەر ئاسا پێناسەی خۆمان بكەین ، وەك كەسیكی سادە و سەلار و ئارامگر خۆمان نیشانبدەین ، بەلاّم لە جەوهەردا وا


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نییە، لە ناوەرووکدا خراپ و دڵپیس و شەرانگیز و خوین مژ و پیاوکوژین. ئەم دوو لایەنە ناکرێ لە یەك کاتدا لە مرۆڤدا هەبێ، بەلاّم وەك چۆن لـە زانستدا ئـەو یاسا لۆجیکیـە لـە کار کـەوتووە، بەهـەمان شـێوە مـرۆڤیش ئامادەیی خۆی نیشانداوە کە کار بەو یاسایە نەکا. بۆیە مرۆڤـەکان رۆاڵـەتیان شـتیکە و ناوەرووکیـانیش شـتیکی ترە. ئەم جورە مرۆڤانە مەترسیدار ترین مرۆڤن بۆ ژیان و کۆمـەڵگا ، چۆنکە ئێمـە نـازانین جەوهـەری چۆنـە بەلاّم بە رواڵەت وەك کەسیکی چاك دەردەکەوێ . " صابری" پیێ وایە کاتێ ئەم مرۆڤانە لە زیادبووندان کە لە پەیام و شەرعی خوا و پیغەمبەرەکەی دوور دەکەونەوە. ئایا لە ئێستادا مـرۆڤ لـە کام دۆخدایـە ؟ وەك دەزانـین مرۆڤـی سـەدەی "٢١" وەك فەیلەسوفانی وەك " فوکویامـا – مـارکوزە " ئاماژەیـان بـو کـردووە، زیـاتر بـە هـوی پیشکەوتنی زانستی و تەکنەلوجیەوە لە رەهەندی روحی یان ئاینی دوور دەکەونەوە و دەبن بە کویلەی کەرەسـە و تەکنەلوجی. بە نموونە رواڵەتی مرۆڤەکانی ئێستا بانگەشە بو دادپەروەری و یەکسانی و دیموکراسی دەکەن.... لەبەرامبەردا هەزارن کەس لە ژێر دروشمی جیا جیادا لە ناودەبرین . ئایا ئەمە ئـەوە نییـە " صـابری" وەسـفی کردووە، کە دەڵیت : **لەزاهیردا وەك ئەییوبی و لە باتیندا جەنگو ئاشوبی !!**. بـەڵی لـە جەوهـەردا گورگـە و شەرانگیز و خوین رێژە. یان خۆی وەك " عیسا" پیغەمبەر نیشاندەدا " کە رزگارکەری" جیهان بـێ ، بـەلاّم بـو خۆی رووخێنەری جیهانە، وەك ئەوەی لە ئێستادا روودەدا. بویە هەر کاتێك مرۆڤ بە هۆی سـەروەت و سـامان و بازار و پارەوە لە شەرعی خودا دوور کەوتـەوە ، ئـەوا بزانـە ئـەو مرۆڤـە رەهەنـدی مرۆیـی تیـادا نـەماوە، بوتـە گورگیك و درندەیەك بـەردەوام لـە هـەوڵی لـە نـاوبردنی مرۆڤایەتیدایـە. ئـەوەی جیگـای سەرسـورمانە لێـرەدا ، ئەوەیـە مرۆڤـەکان بەهـەموو بیروبوچـوونە ئـایینی و مەزهبیەوەکانـەوە لـە رۆاڵەتـدا وەك کەسـیکی چـاك و خوبەخت و ئارامگر دەردەکەوەن ، بەلاّم لە راستییدا وا نییە. بویە " صابری " لە وەسفی مرۆڤەکان بـەردەوام دەبێ و دەڵیت : **" بە رۆژ تەسبیح و سجادە بە شەو تەدبیری سەر جادە" هەروەها دەڵێت:" بە رۆژ مەردی خوا ناسی بە شەو جەردەی دزو عاسی" (صابری،ص١٩٤).**

لێرەدا " صابری" بو خۆی دۆخی مرۆڤەکانی بینێوە، بویە بەو جورە وەسفیان دەکا، گەر تەماشای مزگەوت و پەرستگاکان کەی ، ئەوە دەڵی هەموو مرۆڤەکان " مرۆڤی چاکن "، بەلاّم کاتێ لەگـەڵ رفتـار و هەڵسوکەوتیان بەراوردی دەکەی ، پێچـەوانەی دەبـینی. چۆنکە دەم بـەزیکر و دەس بـە تەسـبیح دەبـێ کـار و رفتـاری جـوان و مرۆیی بەرهەم بینی، ئایا ئەمە وایە ؟ ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە، ئـەو لـە شـەودا نەخشـە بـو چەوسـانەوەو و لـە ناوبردنی مرۆڤەکان دادەرێژی ، بە رۆژیش دەم بە زیکر و تەهلیلەیە، مرۆڤی راستگو و راسـتەقینە، ئەوەیـە کـە دەم و دڵی یەك شت بن ، ئەو شتە چاکە بێ یان خراپە ، کیشـە نییـە گـەر مرۆڤـی خـراپ هـەبێ، کیشـە ئەوەیـە کەسی خراپ وەك کەسیکی چاك خۆی پێناسە بکە ! ئەمە دۆخیکی ترسناکە ، چۆنکە تـو نـازانی کـیێ خـراپ و کیێ چاکە. لێرەدا بۆ مرۆڤی موسڵمان و ئیماندار مەرجە بە دڵ و زبان چاك بێت نـەك بەیـەکێك لـەو دووانـە. ئەوەی " صابری" وەسفی کردووە ، مرۆڤی فاسقە. ئەم مرۆڤە وەك گورگ و مار وایە نازانی کەی زەبرو زیانـت پێدەگەیێنی.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خوای گەورە لە قورئاندا وەسفی مرۆڤی کردووە بەوەی کە نەزانە ، بە چی نەزانە ؟ بەوەی کە پەیامی خودا لە رفتارەکانی جیٚ بە جیٚ ناکە. چۆنکە گەر مرۆڤ بە پییٚ پەیامی خودا رفتار بکە ، ئەوا خراپە و نەهامەتی و ناخوشیەکان کەمتر دەبون، بەلاٚم مرۆڤەکان پیٚچەوانەی ئەوە رفتار دەکەن، بویە دۆخی ئەمرومان وایە. لیٚرەدا " صابری " دەڵیٚت : " **بە دەم سۆفی بە دڵ عاسی تەریقی عامیو خاسی – لە چۆڵی غەفلەتا کاسی کەرو گا پەروەری تاکەی"(صابری،ص١٩٤)** . ئەمەیە جەوهەری مرۆڤی سەردەم بە زبان و دەم وەك سۆفی و پیاو چاك وایە، بەلاٚم لە ناخیدا لە دڵدا وەك گورگی عەجەم وایە، وەك ماری کوبرا وایە، لە ناکاودا زەبەرت پییٚ دەگەینی و ئازارت دەدا. بۆیە پیٚویستە زور بە وریاییەوە لەگەڵ ئەو جورە مرۆڤانە رفتار بکەین. چارەنووسی ئەو کەسانە لە ناو کۆمەڵگادا روو رەش و نا پەسەندن ، لە لای خودا بیٚ کەس و پشتیوان و مەرحەمەتن. **لیٚرەدا دەپرسین " مرۆڤ دەبیٚ چۆن بیٚ ؟ ".**

**لیستی سەرچاوەکان:**


١- شیخ نەجمەین "دیوانی صابری"،چاپی دووەم،کرکوك، ٢٠٠٨.

٢- حسن حسين جەباری، لۆجیکی کۆن و لۆجیکی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولیر، ٢٠١٤.

٣- عبد الحميد شيخه، اعاڤم رجال الفكر معتقداتهم الفلسفيه و مواقفهم التربويه، مركز المحروسه للبحوپ و التدريب و النشر، المعادى، گ١، ٢٠٠٢.

٤- جورج زيناتى، الفلسفه ڤى مسارها، الاحوال و الازمنه للگباعه والنشر و التوزيع،گ٢٠٠٢،١

٥- ولتر ستيس، تاريخ الفلسفه اليونانيه، ت،مجاهد عبدالمنعم مجاهد، المؤسسه الجامعيه للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت،گ٢، ٢٠٠٥.

٦- محمد جديدى، الفلسفه الاغريقيه، منشورات الاختلاف، الجزائر،گ١، ٢٠٠٩.

٧- عباس حربى، مدخل الى الفلسفه و مشكلاتها، دار النهچه العربيه، بيروت-لبنان، ٢٠٠٣.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پوختەی توێژینەوەکە:**
لەم توێژینەوەدا کار لەسەر لایەنی هزری فەلسەفی شاعیر کورد" شیخ نەجمەدین شیخ عبدالرحمان بەرزنجی" ناسراو بە " صابری"، ئەم شاعیرە لە دیوانەکەیدا گرنگی زۆری بە مرۆڤ داوە و لە دیدیکی فەلسەفیانەوە باسی لە کیشە و گرفتەکانی مرۆڤ کردووە بە تایبەت کیشەی "ئونتولۆجی و مەعریفی". دیوانی " صابری" بۆ ئێمە وەك کەرەسەیەکی خام وایە تا ئێستا باس لە لایەنی فەلسەفی و هزری ئەم شاعیرە نەکراوە، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناساندنی لایەنی فەلسەفی دیوانەکە و روونکردنەوەی ڕەهەندە فەلسەفیەکانی دیوانەکە و گەڕانەوەی دەقە فەلسەفیەکانی بۆ فەیلەسوفانی وەك " ئەفلاتون و ئیبن سینا...".



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)